# کەس ئاگای لە پشیلە ئێرانییەکان نییە

لە فارسییەوە: مەنسور تەیفوری

**کەس** ئاگای لە پشیلە ئێرانیەکان نییە، دوایین فیلمی دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادییە. فیلمەکە بەسەرهاتی موزیسیەنە گەنجە ژێرزەمینیەکان و موزیکەکەیان( ژێرزەمینین لە بەرئەوەی موزیکەکەی ئەوان لە لایەن کۆماری ئێسلامییەوە بە نایاساییی لەقەڵەم دراوە) و هەوڵیان بۆ بەرهەمهێنان و خۆپاراستن لە گرتن و لە پۆلیس دەگێڕێتەوە.

لە ئێران بۆ بەرهەمهێنانی موزیک دەبێت لە وەزارەتی کولتوور و ئیرشادی ئیسلامی داوای مۆڵەت بکەیت و چاوەڕێ بکەیت. لە کاتی چاوەڕێکردنەکەشدا نواندنی موزیک نەیاساییە، وەکی تر ژنان ( مەگەر لە گرووپی ٥ کەسیدا بن) بۆیان نیە بە تەنیا یان لەبەردەم بینەراندا موزیک بنوێنن. ئەگەرچی موزیکی راپ بە هەموو شێوەیەک نایاساییە.

رەنگە هەندێ بینەر بڵێن " فیلمەکە بەپێی رووداو و کەسایەتی و شوێنکاتی ناڕاستەقینە دروست کراوە". وەک دیارە بەشێک لە فیلمەکە ئیلهامی لەو سەدان کەسە وەرگرتبێت کە ساڵی ٢٠٠٧ لە کۆنسێرتیکی نایاساییدا لە تاران گیران. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی فیلمەکە بانگ نەکردنی ئەکتەری پرۆفیشناڵە و لەباتی ئەمان ژیانی راستەقینەی موزیسیەنە" ژێرزەمینی" یەکان دەور دەگێڕێت.

نیگاری شەقاقی و ئەشکانی کووشانەژاد کە خۆشیان مۆسیقارن، بۆ کەسێک دەگەڕێن کە بتوانێت بۆ بەشداریی لە فێستیڤاڵێکی موزیکدا لە لەندەن ویزا و پەساپۆرتیان بۆ دروست بکات. ئەشکان تازە لە زیندان بەربووە و ناتوانێت بە شێوەی یاسایی داوای پەساپۆرت بکات. ئەم دوانە دەلاڵێکی زیرەک بە ناوی نادر دەناسن کە دەڵێت دەتوانێت ڤیزا و پەساپۆرتیان بۆ ئامادە بکات و شارەزایەکی تەواوی فرۆشتن و کۆپیکردنی ناسایی موزیک و فیلمە.

نادر ئەم دووانە بە هەندێ مۆسیقاری ژێرزەمینیی دیکە دەناسێنێت بە هیوای ئەوەی بەر لە رۆشتنیان بتوانن گرووپێک بۆ بەرهەمهێنانی موزیک دروست بکەن. کە ئەمان دەچنە لای



مۆسیقارەکانی دیکە، بینەران ئاگایان لە تێکەڵکردنی پارچەی موزیکی ئێرانی و مووزیکی مێتاڵ و راک و راپە کە وادەکەن بینەر بڕوا بکات کە ئەم کەسانە لە کوێی دنیا بن زۆر لێک جیاواز نین. لە رێگەی گوێگرتن لە مووزیکەوە گوێت لە داستانەکەیان دەبێت... و تێدەگەیت مووزیکەکەیان چەندە سەرکوت کراوە، چەندە رژێمەکەیان رقی لێیانە. دەوڵەتەکەیان دەڵێ هەموو مۆسیقارە ژێرزەمینیەکان شەیتان دەپەرستن و لە کاتێکدا ئەوان بۆ کردنی ئەو شتەی خۆشیان دەوێت تووشی مەترسی زیندان و تەنانەت مردن دەبن ، تێدەگەی چەندە بەختەوەریت کە لە وڵاتێکدا دەژیت دەتوانی لە کوێ پێت خۆش بوو گۆرانی بڵێیت.

زۆر مەترسیدارە ئەستێرەی فیلمێک بیت کە کەسایەتیەکانی ٤ کاتژمێر پاش دوایین وێنەگرتنی فیلمەکە وڵات جێدێڵن. یەکێکیان ئێستا داوای پەنابەریی لە فەرەنسا کردووە.

فیلمەکە چیرۆکێکی راستەقینەی هەیە و شێوازەکەی نیمچە بەڵگەنامەییە، بەڵام چەندین توخمی هونەری لە خۆی گرتووە.

**سەرچاوە:**

ئەنتەرنێت